# رۆژوو گرتن پەروەردەیە بۆ کۆمەڵگە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئامادەکردنی : سەرباز کەرکوکی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( الصوم تربية للمجتمع )

« باللغة الكوردية »

إعداد : سرباز كركوكي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# رۆژوو گرتن پەروەردەیە بۆ کۆمەڵگە

خوای گەورەدەفەرمویێت: ( يا أيها الذين آمنوا كُتِبَ عَلَيْكُم الصيَامُ ...) [البقرة:١٨٣].

ئەم ئایەتە ئەسڵە بۆ واجبوونی رۆژووی ڕەمەزان؛ بۆیە ئەهلی عیلم یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کەدەبێت هەموو موسڵمانێک بەرۆژوو ببێت لەمانگی ڕەمەزان، وەئەوەی ئینکاری بکات یان بڕوای پێ نەبێت ئەوە وەکو مورتەد وایە ـ ئەگەر جاهیل و تازە موسڵمان نەبێت ـ وەئەگەر وابوو ئەوە دەبێت ئاگاداربکرێت وفێر بکرێیت کەوا بەڕۆژووبونی مانگی ڕەمەزان فەرزە، وەئەگەر بەردەوام بوو لەئینکار کردنی رۆژوو ئەوە کافر وبێباوەڕ دەبێت، چونکە باوەڕی نیە بەفەرمانێک کە جێگر بووە بەدەقی قورئانی پیرۆز ( كُتِبَ عَلَيْكُم ) واتە: فەرز وواجیب بووە لەسەرتان.

لەپاش دیاری کردنی حوکمی بەرۆژوو بوون لەمانگی ڕەمەزاندا دێمەوە سەر باسی ناوەڕۆکی بابەتەکەم ودەڵێم:

کاتێک رۆژووان تەماشای خەڵکی دەکات لەدەورو پشتی زۆربەی هەرە زۆریان بەڕۆژوون، ئەوە رۆژوو گرتن لەلای ئاسان دەبێت، وەهەست بەیەک ریزی دەکات لەناو کۆمەڵگە؛ چونکە کاتێک رۆژووان دەردەچێت بۆ بازار دەبینێت خەڵکی بەرۆژوون، وەئەگەر بچێتەماڵەوە دەبینێت ئەندامانی ماڵەوەیان بەرۆژوون، وەئەگەر بچێت بۆ قوتابخانەو شوێنی کارکردنی دەبینێت خەڵکی بەرۆژووە، وە ئەگەر تەماشای ڕاگەیاندن بکات ئەبینێت هەمووی بەرنامەی باش وبەسوود

پێشکەش دەکات... لێرەدا هەست بە بەشداربوونی خەڵک دەکات بەگرتنی ڕۆژوو...وەبێ گومان ئەمە دەبێتە مایەی ئاسان بوونی ڕۆژوو لەسەری وەهەست بەماندووبوون ناکات..بۆیە دەبینین ئەو موسڵمانانەی ـ کەوا بە عوزری شەرعی ـ لە وڵاتی بێباوەڕدا دەژین، لە مانگی ڕەمەزاندا هەست بەناڕەحەتی دەکەن ؛ لەبەر ئەوەی دەوروپشتیان بەرۆژوو نین، خواردن و خواردنەوە دەخۆن.

وەهەر کاتێک موسڵمان بینی کەوا دەوروپشتی بەرۆژوون وشوێنەواری مانگی ڕەمەزان دیارە لەکۆمڵگە، بێ گومان ئەم دیاردەیە دەبێتە مایەی پەروەردەکردنی کۆمەڵگە...

وەئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگێکی زۆری داوە بەچاکردنی کۆمەڵگە، وەبوونی گەندەڵی بەشێوەیەکی تاکی شتێکی ئاساییە لەکۆمەڵگە ڕوودات؛ چونکە ئەو جۆرە گەندەڵیە لە سەردەمی صەحابەـ خوا لێیان ڕازی بێت ـ رووی داوە، دەبینی لێرەولەوێ دزی یان خواردنەوەی مەی ( خمر ) یان زینا کردن روویداوە... بەڵام ئەوەی قەدەغەیە رووبدات لە کۆمەڵگەی موسڵمان بریتیە: لە ئاشکرا بوونی فەساد و بێئەخلاقی بەشێوەیەکی بەربڵاو ؛ وەهەر کاتێک کۆمەڵگە بەو شێوەیە بوو ئەوە ئیسلام وموسڵمانان غەریب دەبن تێیدا و ڕێگای چاکە تەسک دەبێتەوە لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەسەر ڕێگای چاکە بن... وەئەو کۆمەڵگەیە بەرەو نەفامیەت و جاهیلیەت دەڕوات...

وەپەروەردەکردنی کۆمەڵگە لە مەقاصیدی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، وەرۆژووبوون یەکێکە لەو وەسائیلانە، وەشوێنەواری روون وئاشکرایە لەو بارەیەوە ...

ئەوەی جێی داخ ودڵگرانیە کە خەڵکانێک ببینیت لەکۆمەڵگەیەک کە زۆربەی هەرە زۆری موسڵمان بێت، بەڵام ئەو جۆرە خەڵکانە سووربن لەسەر ئەوەی موجاهەرە بەتاوان وگوناە بکەن لە مانگی ڕەمەزان وشانازی بەوەوە بکەن کەبەرۆژوو نابن...بەڕاستی ئەو جۆرە کەسانە زەرەرمەندن لەدونیا و قیامەت؛ چونکە ئەگەر لەمانگی ڕەمەزان تەوبە نەکەن و پەشیمان نەبنەوە لەکارە چەوتەکانیان، ئیتر نازانم کەی تەوبەدەکەن!...وەئەو جۆرە کەسانە شازن وبەچاوێکی کەم تەماشا دەکرێن لەلایەن کۆمەڵکەی موسڵمانانەوە.

لەکۆتایدا داواکارم لەخوای گەورە پەروەردەمان بکات لەسەر ڕەوشتی جوان وهیدایەتی هەموو لایەک بدات بۆ سەر ڕێگای راستی. ..

هذا وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم